عەبادی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان وەک کارتێک بەکاردەهێنێت و نایدات

سەرۆکی حزبی چاکسازی و گەشە لە کوردستان رایگەیاند، عێراق خۆی قەرزدارە و پارە بۆ مووچە لەو یەدەکەی لە بەردەستی دایە، دەداتە فەرمانبەران، جا چۆن مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم دەدات، بۆیە حەیدەر عەبادی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان نادات و وەکو کارتێک بەکاری دەهێنێت.

محەمەد بازیانی سەرۆکی حزبی چاکسازی و گەشە، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی دەڵێت: ئەوەی دانووستان لەگەڵ بەغدا دەکات، دەبێت حکوومەتی هەرێم بێت، نەک حزب و لایەنەکان، ئەگەر حزب

ئەو گفتوگۆیە بکات، هەر لە ئێستاوە فەشەل دێنێت، بۆیە دەبێت حکوومەت بێت و بزانن چییان پێیە و لەسەر چی گفتوگۆ دەکەن و سیقیی هەموو ئەوانەی پێ بێت کە قسەیان لەگەڵ دەکەن، بۆ ئەوەی بزانن چۆن لەگەڵ ئەوان قسە دەکەن و چی بە دەست دەهێنن لەو دانووستانەی کە ئەگەر ئەو پارەیە نەبووایە کە دەیکەن.

بازیانی ئاماژەیشی دا، عێراق ئێستا خۆی تەنگژەیەکی ئابووریی زۆر گەورەی هەیە، وەک یەدەک لە بەردەستی دایە، کە نزیکەی 90 ملیار دۆلار بوو و ئێستا تەنیا37 ملیار دۆلاری لە بەردەستدا ماوە، ئەوا نەیدەتوانی مووچەی فەرمانبەرانی خۆیشی بدات، چونکە ئەو پارەیەی لە داهاتی نەوت بە دەستی دەکەوێت، تەنیا بەشی قەرزەکان و کۆمپانیاکان دەکات، بۆیە من زۆر بڕوام بەوە نییە عەبادی بتوانێت مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان بدات، بەڵکو وەکو وەرەقەیەک یاریی پێ دەکات، بەڵام هەمووی هەر نادات.

بڕیاردەری لێژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق بۆ «خەبات»:

لەسەر بنەمای داتاکانی بایۆمەتری گفتوگۆ لەگەل بەغدا دەکەین

هیچ فەرمانبەرێک مافی ناخورێت

بڕیاردەری لێژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، باس لەوە دەکات لەسەر بنەمای داتاکانی بایۆمەتری لەسەر ژمارەی فەرمانبەرانی کوردستان لەگەل بەغدا گفتوگۆ دەکەین نەک ئەوەی بڵاو دەکرێتەوە. نەجیبە نەجیب، بڕیاردەری لێژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق، بە خەباتی ڕاگەیاند بەهیچ شێوەیەک کوردستان گفتوگۆ لەگەڵ عێراق ناکات کە پێیان بڵێن ئێمە لە فلانە ساڵەوە فەرمانبەرتان بۆ حساب دەکەین، کاری ئێمە ئەو داتایەیە کە لەبایۆمەتری بەدەستمانەوەیە، بڕیارە لەو بارەوە لەسەر دوا ژمارەی ئامارى بایۆمەتری بچینە دانووساندنەوە. بڕیاردەری لێژنەی دارایی پەرلەمان، ئەوەشی خستە ڕوو هیچ فەرمانبەرێک مافی ناخورێت و سەرجەمیان لەسەر حکوومەت میلاکن، ئەگەر بڕیار بێت گفتوگۆ لەگەڵ عەبادی بکەین، دەبێت ئەو بودجەی دەنێرێت مافی سەرجەم فەرمانبەرانی تێدا بێت. ئاشکراشی کرد، کە بڕیارە بەم نزیکانە سەرۆک فراکسۆنەکانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لەگەڵ سەرۆکی حکوومەت کۆببنەوە، بۆ ئەوەی لەو بارەوە پێشنیاری و ئالیەتی گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا دیاری بکرێت.

مامۆستایەکی زانکۆ:

بەغدا پابەندی بەڵێنەکانی نابێت و ماف و بوودجەی هەرێم نادات

مامۆستایەکی ئابووری لە زانکۆی سەلاحەددین دەڵێت، نیەتپاکیی عێراق لە بوودجەی 2018دا بەو ئاراستەیە نییە کە چەند لایەنی سیاسیی دەنگۆی ئەوە بڵاو دەکەنەوە دەشڵێ، کوردستان بە هەموو مەرجەکانی بەغدایش ڕازی بێت، عێراق بوودجەی هەرێم وەک پێویست نادات.

پڕۆژەیاسای بوودجەی گشتیی سالی 2018ی عێراق بە گشتی پێکهاتووە لە هەموو داهاتەکان و، داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستانیش کە گوایە لە ژێر ڕکێفی بەغدادا دەبێ، ڕێژەی بوودجەی گشتیی سالی 2018ی عێراق داکاتە زیاتر لە 108ترلیۆن دینار، لە کۆی ئەم بڕە بۆ پشکی هەرێمی کوردستان 12.67% دیاری کراوە کە دەکاتە 6 ترلیۆن و 840 ملیارو 936 ملیۆن دینار و، هەرێمی کوردستانی بۆ سەر 3 پارێزگا دابەش کردووە و پارێزگای هەڵەبجەیشی بە پارێزگا هەژمار نەکردووە.

پێوەست بەم باسە، مامۆستای بەشی ئابووری لە زانکۆی سەلاحەددین ئیدریس ڕەمەزان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: ئەوەی لە عێراقدا ڕووەدات، دەتوانین بڵێین لایەنە سیاسییەکە ئێستا زاڵ بووە بەسەر ئەوەی کە بوودجەی عێراق بە شێوازێکی ڕامیاری یان سیاسی بسەپێنرێت بەسەر ناوچەکان و بە تایبەت هەرێمی کوردستان، بەڵگەیش لەسەر ئەوە، کەمکردنەوەی بەشەبوودجەی هەرێمی کوردستانە لە کاتێکدا کە هیچ بەند و برگەیەکی دەستووری و یاسایی نییە بۆ ئەوەی بەشی هەرێمی کوردستان لە 17%ـەوە بکرێتە12.67% یاخود برێکی تر، بۆیە ئەمە جۆرە سزادانێکی هەرێمی کوردستانە کە لە بنەماکانی ئابووری و بنەماکانی دەستوورییشەوە دوورە، بەمەیش ڕوون دەبێتەوە کە عێراق دەیەوێت تەنها بە سەپاندنی ئەم جۆرە ڕێژەیە چوارچێوەی هەرێمی کوردستان، یاخود ناوی هەرێمی کوردستان لە ڕووە دەستوورییەکەی لابەرێت و تەنها وەک 3پارێزگا مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات کە زەرەرمەندی سەرەکییش هەرێمی کوردستانە. "

دەشڵێت: نیەتپاکیی عێراق لە بوودجەی 2018دا بەو ئاراستەیە نییە کە زۆر جار چەندین لایەنی سیاسیی کوردستانی، ئەوانەی لە پەرلەمانی عێراقن، دەنگۆی ئەوە بڵاودەکەنەوە کە ئەگەر هەرێمی کوردستان داهات بداتە بەغدا، ئەو کاتە بەغدا پاپەند دەبێت بە پێدانی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم، ئەگەر نیازپاکیی بەغدا لەو ئاستەدا بووایە، ڕێژەی 17%ی بۆ هەرێم تەرخان دەکرد، بۆیە هەموو ئامارۆکان ئەوە دەڵێن کە بەغدا لە هیچ کات و ساتێکدا پابەندی بەڵێنەکانی نابێت و ناتوانێت ڕێژەیەکی ڕاستەقینە بۆ حکوومەتی هەرێم بنێرێت، ئەگەر هەرێم بە هەموو مەرجەکانیش ڕازی بێت.

خەسرۆ گۆران بۆ «خەبات»:

هێشتا بڕیارمان لەبارەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی عێراق نەداوە

با بزانین دۆخەکە لەنێوان هەولێر و بەغدا بەچی دەگات

لێپرسراوی دەزگای هەڵبژاردنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان باس لەوە دەکات، هیشتا کات ماوە بۆ ئەوەی پارتی بڕیاری خۆی لەبارەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی عێراق بکات. خەسرۆ گۆران، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ولێپرسراوی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە خەباتی ڕاگەیاند سالی داهاتوو هەڵبژاردنی عێراق دەکرێت و بڕیارەکە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق و حکوومەتی عێراق داویانە.

ئەوەشی ڕوون کردەوە، پارتی یەکەمین قەوارەی کوردستانییە کە خۆی بۆ هەڵبژاردنەکان تۆمار کردووە و لە ڕووی ڕێوشوێنی یاساییەوە هیچ گرفتێکیان نییە و ڕەزامەندیش لەسەر داواکارییەکەیان دراوە. گوتیشی با بزانین دۆخەکە چی لێدێت لەنێوان هەولێر و بەغدا، چونکە ئەوە چەندین مانگە دۆخەکە ئاڵۆز بووە، ئەگەر پەیوەندییەکان نۆرماڵ ببێتەوە و دۆخەکە باشتر بڕوات، ئەو کاتە پارتی بڕیاری خۆی دەدات بەشداری بکات یان نا، بەڵام هێشتا کات ماوە و پارتی چاوەڕێ دەکات. ئەوەشی نەشاردەوە کە هەست بە بوونی نەرمی لە لایەنی عێراق دەکات و ڕای گەیاند لە ڕەفتارەکانی بەغداوە دیارە کە نەرمییەک هەیە، بەڵام نازاندرێت کەی گفتوگۆکان دەست پێ دەکەنەوە.

سبەی چوارشەممە پەرلەمان کۆدەبێتەوە

دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بانگهێشتی ئەندامانی پەرلەمان کردووە بۆ ئەوەی لە کاتژمێر 10ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2017/11/15دا، لەکاتی دیاریکراودا ئامادەبن بۆ کۆبوونەوە. ئەمەش دەقی بانگهێشتەکەیە:

بۆ/گشت ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان

بەپێی حوکمی برگە 1ی ماددە 5 و برگە 2ی ماددەی 17 و برگە 1ی ماددەی 18 لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی عێراق ژمارە 1ی ساڵی 1992ی هەموارکراو، بڕیارماندا بانگهێشتی گشت ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان بکەین بۆ دانیشتنی ژمارە 5ی ئاسایی خولی پاییزە، ساڵی چوارەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، لە کاتژمێر 10ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2017/11/15دا، تکایە لەکاتی دیاریکراودا ئامادەبن. **لەگەڵ ڕێزدا**

دەستەی سەرۆکایەتی
پەرلەمانی کوردستان - عێراق

شاخەوان عەبدوڵا:

عێراق داوای گەڕانەوەی پەرلەمانتارانی کورد دەکات بۆ بەغدا، ئێمەش لە ئێستادا تاوتوێی دەکەین

جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پەرلەمانی عێراق ڕای دەگەیەنێت، حکوومەتی عێراق ئێستا پێویستی بە کورد هەیە و داوای گەڕانەوەی پەرلەمانتارانی کورد دەکەن بۆ بەغدا. شاخەوان عەبدوڵا، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی، بە خەباتی ڕاگەیاند ئێستا حکوومەتی عێراق پێویستی بە کورد هەیە و کار دەکەن بۆ ئەوەی بەرپرسانی کورد بگەڕێنەوە بۆ بەغدا، بەتایبەت پەرلەمانتاران، ئەمەش بە هۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقە کە ماوەیەکی ماوە بۆ ئەنجامدانی، لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و هەندێک لە فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان داوای گەڕانەوەی پەرلەمانتارە کوردەکان دەکەن بۆ بەغدا، بەڵام ئێستا ئێمە تاوتوێی ئەو داوایە دەکەین. ئەو پەرلەمانتارە باس لەوەش دەکات، گەڕانەوەی پەرلەمانتارە کوردەکان بە مەرجێکە لایەنە عێراقییەکان بەڵێنی هاوبەشی ڕاستەقینە بدەن، هەروەها ئەو یاسایانەی کە هەیە وەک پێشتر بە زۆرینە تێنەپەڕێنرێت و ئەو بابەتانەی پەیوەندی بە کوردەوە هەیە بە ڕێککەوتن و هاوبەشی ڕێکبکەوین لە سەریان. پێشتر چەندین جار عێراق بەڵێنی جێبەجێکردنی داواکارییەکانی کوردی داوە، بەڵام دواتر بەڵێنەکانی نەبردووەتە سەر، شاخەوان عەبدوڵا دەڵێت ئێستا یاسای بودجە لەبەردەستە کە پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە و کۆمەڵێک شتی دیکەشمان لە پێشە، بۆیە ئەگەر ئەوان بەڵێن بدەن بابەتەکان بەرێککەوتن و بەهاوبەشی بێت باشترە، ڕوونیشی کردەوە کە تا ئێستا گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان بەردەوامی هەیە. ئاشکراشی کرد ئێمە کۆتا کۆبوونەوەی خۆمان ئەنجام دەدەین و پاشان بڕیار دەدەین بگەڕێنەوە بۆ بەغدا یاخود نا.

ڕۆژنامەیەکی ڕووسی: ئەگەر عەبادی نەتوانێ خواستەکانی ئەمەریکا جێبەجێ بکات ئەوا عێراق دابەش دەبێت

خەبات/ مەریوان نەقشبەندی:

ڕۆژنامەی بڕافدای ڕووسی بڵاوی کردۆتەوە کە حەیدەر عەبادی بەڵێنی بەئەمەریکا داوە دەستی ئێران لەناو عێراقدا ناهێڵێت و عێراق دەکاتە هاوپەیمانێکی ستراتیژی ئەمەریکا لەناوچەکەدا و هەر لەسەر ئەم بنەمایەش ئەمەریکییەکان لەپڕۆسەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان پشتیان لەکورد کرد.

سێرجی کۆجیمیاکین نووسەری بەناوبانگ و شارەزا لەسیاسەتی نێودەوڵەتی لەڕۆژنامەی برافدای ڕووسی بابەتێکی نووسیوە و دەڵێ لەسەرەتاوە هەریەکە لەئەمەریکا و سعوودیە و ئیسرائیل پشتیوانی ڕاستەوخۆی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بوون، بەڵام حەیدەر عەبادی بەڵێنی ئەوەی بە ئەمەریکییەکان دا کە لەبەرامبەر پشت کردنە کوردەکان و هاوکاریکردنی بۆ چوونە ناو کەرکووک و ناوچەکانی مادەی 140 و ئەو سزایانەی کەبەسەر کورد دا دەیسەپێنێ، دەستی ئێران لەعێراقدا دەبڕێتەوە و عەبادی بەڵێنی ئەمەی داوە کە دەبێتە هاوپەیمانێکی ستراتیژی و بەهێزی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا.

نووسەری ئەم ڕۆژنامەیە هەروەها بەدەستوەردان لەکاروباری ناوخۆی عێراق تۆمەتبار بکات.

ڕۆژنامە ڕووسیەکە هەروەها نووسیوێتی: ئێستا ئەمەریکا چاوەڕێی جێبەجێکردنی بەڵێنەکەی عەبادی دەکات کە بەهۆیەوە واشنتۆن پشتی لەهاوپەیمانە کوردەکەی لەعێراقدا کردوە و ئەگەر عەبادی ئەم بەڵێنە جێبەجێ نەکات ئەوا دابەشبوونی عێراق و سەربەخۆیی کوردستان دەبێتە کارێکی چاوەڕوانکراو.

Пролетарии всех стран, соединяйтесь!
ПРАВДА
ЧЕСКАЯ ПАРТИЯ РОССИЙСКОЙ ФЕДЕРАЦИИ

خورماتوو

حەشدی شەعبی تورکمانی دوو خانووی دیکەی کوردیان تەقاندەوە

خەبات/ عومەر ئاوارە: بەرپرسی ڕاگەیاندنی قایمقامیەتی خورماتوو تەقاندنەوەی دوو خانووی خانەوادەیەکی کورد لە لایەن چەکدارانی حەشدی شەعبی (تورکمانی) ڕاگەیاند. محەمەد فایەق بەرپرسی ڕاگەیاندنی قایمقامیەتی خورماتوو بە خەباتی ڕاگەیاند: لە دریژەی پەلامارەکانی حەشدی شەعبی تورکمانی بۆ سەر خانووی ئەو هاوواڵاتییە کوردانەی کە لە ڕۆژی 2017/10/16 ئاوارەبوون، لە گەڕەکی تینی خۆرئاوای شارۆچکەکە دوو خانووی هاوواڵاتییەکی کورد بە ئاوی عوسمان حەمید جافی دانیشتووی ئەو گەڕەکەیان تەقاندەوە. گوتیشی: هەڵمەتی تەقاندنەوەی خانووی هاوواڵاتیانی کورد لە خورماتوو لە لایەن حەشدی شەعبییەوە بەردەوامی هەیە و ئەگەریش هەیە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا هەڵمەتی تەقاندنەوەی خانووی دیکەی کوردەکان ئەنجام بدەن و ژمارەیەکی دیکەی خانوو بتەقێننەوە.